# چی بە خاکەوە ئەمانبەستێتەوە، سەرکردە یان قۆنەرە!

بەهێز حوسێن
Bahez2006@hotmail.com



ئەوەی ناونیشانی ئەم بابەتە بخوێنێتەوە وا دەزانیٚ من جنێوفرۆشم و سوکایەتی بە سەرکردەکان دەکەم ، بەڵام نەمویستووە و ناشمەویٚ ئاستی ڕەخنەگرتنم لەو سەرکردانەی ڕابەرایەتی ئەم قۆناغەی خەباتی گەلەکەمان دەکەن دابەزێنم بۆ جنێو یان قسەی ناشرین و سوکایەتی پێکردن و .. هتد ، چونکە باش دەزانم ئەوکاتە ڕەخنەگرتنەکەم نەك هەر جێگەناگرێت و ڕۆڵی لە گۆڕینی سەرکردەکاندا نابێت، بەڵکو وەك ئەوەی لای خۆمان باوە ڕەنگە ئاما نجەکە بشێوێت و بەرامبەرەکەشت ڕقئەستوورانەتر ئەوەی ڕەخنەت لەبەرامبەر گرتووە دووپاتی بکاتەوە .

من بۆخۆم سەرکردەم بەلاوە گرنگە و ئەوەندەی ڕادەی ئەکتیڤی خۆی لە بڕیار و کردەوەدا ڕێزی لێدەگرم و ئەوەندەی بڕیار و ڕەفتارەکانیشی ڕەخنەی لێدەگرم ، هەرگیز سوکایەتیش بە مرۆڤ ناکەم و وەك بەنرخترین سەرمایەش لێی دەڕوانم و ئەوەندەی پێشم بکرێت سوکایەتی لەبەرامبەرکردنیشیان قبوڵناکەم ، سەرکردەشم خۆش دەوێت بۆیە دەمەوێت ئەوەندەی گرنگی پلە و پایەکەی چاوی تێببڕم و تەماسی ڕەخنە و گلەیی لەگەڵ بگرم .

ئەو ناونیشانەش لەوەوە هاتووە کە یەکێك لە نووسەرە گەورەکان وتویەتی : **(من هیچ بەم خاکەوە نامبەسێتەوە قۆنەرەکانم نەبێت ! )** ، دەمەوێت لێرەوە ئەم دێڕە هەژێنەرە ڕاڤە بکەم و بزانم دەشێت ئێمەش هەریەکەمان لەم کوردستانە باشوورەی خۆمانەوە قۆنەرەکا نمان لەسەر سەر بنێین و بڵێین : لەدەوری ئیلهامی بن و ژمارەی قاڵب و قەیتانی ڕەشی قوماراویت بگەڕێین ئەی ( قۆنەرە ) گیان کە ئاوا ناتەویٚ لەم نیشتمانە دابڕێین و دووربین و هەمیشە ( لەکاتی نوستناندا نەبێت ) هۆکاری پەیوەستبوونمانی بە نیشتمانەوە ! ) .

دەمەوێت بزانم وایە ، یان نەخێر ڕابەر و سەرکردەکا نمان لە نموونەی عیسای مەسیح و محەمەدی پێغەمبەر و تیتۆ و ئەتاتورك و گاندی و موسا و دەیان سەرکردە و ڕابەری تری مێژوو ، هۆکاری پیرۆزکردنی خاك و نیشتمان بوون لای گەل و شوێنکەوتەکانیان !؟ ڕۆژانە دەبیستین و دەخوێنینەوە کە هەزاران ڕۆڵەی ئەم کوردستانە لە داخی مەسئول و ڕابەری گەندەڵ و نامەسئولی ڕەفتار قێزەون ڕووە و هەندەران ڕۆیشتوون و خاك و نیشتمانی جوان و پیرۆزی کوردستانیان لەبەرچاوکەوتووە ، ئاخر گەر ئێستا لێیان بپرسیت چی بە کوردستانەوە دەتانبەستێتەوە ، وەڵامیان چی ئەبێت ؟

ئاخر ئێمەیەك کە هێشتا لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیداین و پێویستمان بەوەیە کوردێکی زیاتر لە کوردستان نیشتەجێبێت و لەباری دیمۆگرافی و سیاسی و ئابوورییەوە ڕۆڵی لە نەخشی کوردستانیبووندا بگێڕێت ،بۆچی دەبێت کوردان هەڵبێن و لە نیشمان دابڕێن !؟ کێیە هۆکاری ئەوەی خەڵك لە کوردستان ڕابکات ونەتوانرێت بە سیکۆتین و گوریسیش بە نیشتمانەکەیەوە ببیەستیتەوە ؟

پێموایە هێشتا سەرکردەکا نمان وەك ڕابەر و بەرپرسیار لە ئایندەی گەل و نیشتمانێك ، نەیانتوانیوە متمانەی ئەوە لای خەڵك دروست بکەن کە نیشتمان جێنەهێڵن ، نەیانتوانیوە ئەوە بگەیەننە خەڵکی کوردستان کە ( قۆنەرە ) تەنها هۆکاری بەستنەوەیان نییە بە نیشتمانەوە، بەڵکۆ ئەوان دەتوانن ئایندەی گەش و خوێندن و پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و کاری باش بۆ هەموانو دابین بکەن و ئەوە ئێمە و پرۆژەکا نمان و حیزبەکا نمان و وەزارەت و پەرلەما نمان .. گۆڕی ونی شەهید و خەونی ئاڵی دایکانی کوڕ و کچ ئەنفالکراوەکان و برسێتی و ... هەموو مێژووی پڕخەباتی ئەم گەلە مان وەك پێڵووی چاو پاراستووە و دەتوانین ڕابەرایەتی خەبات بکەین لە پێناوی ئازادی نیشتمان و بەختیاری ژیانی هاوڵاتییەکانی .

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەگەر نیشتمانێك ( کوردستان ) شوێنی خۆشگوزەرانیی دەسەڵاتدار و سەرکردەکا نمان بێت و بۆ ئێمەی هاوڵاتی ماندوو زەحمەتکێش و قوربانی دەری ئەم وڵاتەش دۆزەخێك بێت لە بێکاری و نەبوونی سووتەمەنی و کارەبا و پاروو نانی ڕۆژانە ، ئەوا دەبیٚ هەوڵ بدەین بیگۆڕین بە نیشتمانێك کە مرۆڤ تێیدا بەوپەڕی شکۆمەندییەوە تێیدا بژی و بە ڕۆح و جەستە ئامێتەی بین و دڵمان نەیەت بە ( قۆنەرە ) کا نمانەوە بەسەریدا بڕۆین .

**بەڵام ئەگەر سەرکردە نەتوانێت ڕابەرایەتییەکی دڵسۆزانە و ڕاستەقینەی گەل بکات و یەکسانی نەهێنێتە ئاراوە و وەك مەڕ و بزن تەماشای هاوڵاتیان بکات و تا گیرفانی خۆی و خۆشگوزەرانی خێزان و بنەماڵەکەی وەستابێت ، بیر لە ڕەشوڕووت و هەژار و خاوەن بڕوانامەکانی وڵاتەکەی نەکاتەوە ، ئەوا ئەوکاتە ئیتر نیشتمان تەنها بۆ ئەو دەبێتە بەهەشت و زۆرترین ئینتمایشی بۆی دەبێت چونکە وەك کێڵگەیەکی بەرهەمهێنەر لێی دەڕوانێ ، بەڵام بۆ ئەوانی دی واتا و پێناسەکەی دەگۆڕێت و دەگەنە ئەو نائومێدییەی کە نیشتمانەکەیان وێستگەیەکە بۆ تێپەڕین بەسەریدا و لایان دەبێتە کۆمەڵگەیەکی قەدەرنشینی وا کە هەموو هەوڵێکیان بخەنە گەڕ تا لێی هەڵبێن .**
**سەرکردەکانمان کە لە نەتەوە و خوێن و نیشتمانی خۆمانن و خاوەنی قوربانین ، دەتوانن ئەو تێگەیشتن و لێکدانەوانە لای ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان بگۆڕن و بڵێن ئێمە دڵسۆزانە خزمەتتان دەکەین و ئەم هەڵکەوتە جوگرافییەی باشووری کوردستانتان بۆ دەکەین بە نیشتمان و پێکەوە خۆشبەختانە تێیدا بە یەکسانی دەژین و ئێمە لە جێگەی قۆنەرەی ڤینی و سووری و شەحاتەی خلیجی دەتانبەستینەوە بەم خاکەوە ،**
**ئێمە هەر دەبینەوە بەو سەرکردانەی لە خەباتی پێشمەرگایەتی و شاخ و ئەنفالدا لەگەڵتان مابووینەوە و سەنگەرەکانمان چۆڵنەدەکرد ، ئاوا لە خۆشی و ناخۆشیشدا لەگەڵتاندا دەمێنینەوە و ئەگەر هۆکارێك نەبین بۆ بەستنەوەتان بەم خاکەوە ، ئەوا هەرگیز نابینە هۆکاری دابڕانتان**

**.**

**ئەوانەش زۆرن کە دەڵێن قەدەرێکە و قۆنەرەکانمان بەم خاکەوە دەمانبەستێتەوە و پێی ڕازین بەڵام گەندەڵی مەسئول و ئاوڕنەدانەوەی سەرکردە و کەمتەرخەمبوونیان بەرامبەر ژیان و تواناکانی ئێمە لێناگەڕێن بمێنینە و بە فەرامۆشکردنمان و بەهەدەردانی داهاتی ئەم نیشتمانە و چارەسەر نەکردنی کێشەکانمان هەڵمان دەڕفێنن ، کەواتە( وەك ئەوان دەڵێن ) هەتا سەرکردەکانمان نەبنەوە بەسەرکردە و مرۆچەکان لەسەر ئەم خاکە بەختەوەر نەکەن و دەست بەرداری مۆڵکردنەوەی سامان نەبن و لایەك لە هەژاران نەکەنەوە هەر لەسەر ئەو بڕوایە دەمێنینەوە کە ئەوەی بەم خاکەوە دەمانبەستێتەوە( قۆنەرە ) یە نەك سەرکردە .**